سەید حەکیم لە کاتدرائیەی مار یوسف پیرۆزبایی ڕۆژی لەدایك بوونی کرد و ڕەسەنایەتی کریستیانەکانی لەعێراق دووپات کردەوە

لە کارتدائیەی مار یوسفی کلدانە کاتولیکییەکان لەبەغدا و بەئامادەبوونی کاردینال لویس ساکە بەتریارکی هەمو کلدانەکانی عێراق و جیهان و ئامادەبوونی بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پیرۆزبایی لە سەرجەم کریستیانەکانی عێراق و جیهان کرد بەبۆنەی ڕۆژی لەدایکبوونی شکۆداری سەیدی مەسیح (سلاوی لە بێت لەگەڵ پێغەمبەری خۆمان) و ڕوونی کردەوە کە پێکهاتەی مەسیحی پێکهاتەیەکی عێراقی ڕەسەنە و جێگای شانازی هەموو عێراقییەکانە.

سەماحەتی سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە سەیدی مەسیح و خاتوون مەریەم (سلاویان لە بێت) هەردووکیان ناونیشانی گەورەن لە ڕەشەنبەیری ئیسلامی و هەمای پاکن بە پیرۆزی و پاکی و بە گەردی.

.سەماحەتی ئاماژەی بە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کرد کە باسی سەیدی مەسیح و خاتوونی مەریەمی کردوە و دووپایت کردەوەش کە جۆرنەکانی لەدایك بوونی شکۆدار پێیامێکی هاوپەیمانەتییە و ڕەیشتنە لەسەر بەرنامەی پێغەمبەر و پێیامنێران.

. هەروەها سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی پاراستنی ژنان لە توندوتیژی خێزانی و کەمایەتی کردەوە و ئەو شتانەی باسکردەوە کە خاتوو مەریەم بەسەریدا هاتووە و داوای پێیەوی کردنی کەلتووری ئاشتی و پێکەوەژیان کرد بە پتەوکردنی برایەتی و ئینتیمای نیشتمانی لە نێوان ڕەلەکانی خەڵکی عێراقدا..

سەید حەکیم جەختی لەوە کردەوەش کە چینی سیاسی گرنگی بە پێکهێنانی حکومەت و کەکردنەوەی دەستکەوتی ئەرێنی و بەڕەوپێشچوون لەسەر ئاستی ئاسایش و سەقامگیری و بوژاندنەوە دەدات بەشێوەیەک کە سەرکەوتنە بەدەستهاتووەکان باشتر بکاتەوە.